


44841

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب

بنەڕەتەکانی فەلسەفە

بابەت: فەلسەفە

نووسینی: د. حەمید عەزیز

نۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠٠٩

تیراژ: ٢٠٠٠

ژمارەی سپاردن: ٢٢٣ ی ٢٠٠٤

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێڕست

پێشەکی ٥

(١) فەلسەفە چییە و چۆن پەیدابووە؟ ٩

(٢) دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ژیان ٣٥

(٣) مەبەست و ئامانجەکانی فەلسەفە ٩٣

(٤) ڕێبازی فەلسەفە ١٣٧

(٥) زانین و ئەگەر و گومان ١٦٩

(٦) زانین و ژین و زانست ٢١٥

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

راستە ناودڕۆکی ئەم کتێبە لەچەند باسێکی ڕوخسار جیاواز پێک هاتووەو دووریش نییە ئەو وێنە و بۆچوونە لەمێشک دا بوروژێنی کە لەبۆنە و کاتی جیاوازدا نووسراین، بەڵام خوێندنەوەی وردو لەسەرخۆ ڕدوایی ئەم بۆ چوونە لەدەست دەدات.

ئەم باسە بە ڕوخسار جیاوازانە، لەچەند ڕوانگەو باری سەرنجێکەوە بۆچوونێکی نووسەرەکەی بەگشتی بشت ڕاستدەکەنەوە کەئەگەر بگونجێ، پشتی بەچەند بابەتێک بەستووەو هێناونیەتە سەر خوانی باسکردن بۆنەوەی ڕدوایی و دروستی ئەم بۆچوونانەی ساخ بکاتەوە:

١-فەلسەفە، بەکوڵک و پێستەوە، داهێنانێکی ساخو ڕدوای گەلی ئەوسای یۆنانە. ئەم بۆچوونە لەوە کەم ناکاتەوە کە گەلی ئەوسای یۆنان سودی لە کولتوری میللەتانکتر ودرگرتبێو بەبلیمەتی خۆی بەجۆرێک دایڕشبێتەوە بڕ بەپێستی خۆی بێ.

٢-فەلسەفە ودک نەمامێک لە کەشو هەوایەکدا شین دەبێو دێتە بەر کە پێی دەوترێ نازادیی. نازادی ئەو زەمینەو ناو و هەوایەیە فەلسەفە بێ دەژیاو خەتو خاڵ دەدات.

٣-فەلسەفەو ئاین دوو دیاردەی کۆمەڵایەتین بەناوەڕۆکو فۆرم بەڕێبازو میتۆدە لەیەکتری جیاوازن. جیاوازییەکەیان لەجیاوازی بابەتو ئامرازی چالاکییەکەیان کەوتۆتەوە. ئەگەر بگونجێ قسەکەی ئیبن روشد دووبارە بکەینەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وتویەتی: ئەم دوو بابەتە سەر گەرمی دوو ڕاستین ڕاستی نەقڵو ڕاستی بڕوا (ئیمان). ئەم دووانەش دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێ، هیچ کاتێک دوو کۆیخا لەگوندێکدا جێگایان بەناسوودەیی نەبۆتەوە.

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

٤.مرۆڤ نەپارێزدرو دۆستی سەرو سروشتیو نەدوزمنی لەسروشت بەدەری هەیە.. ، مرۆڤ، نەگەر بۆی بلوێو بتوانێ رێگای راستو ئامرازیی دروستو دەرفەتی لەبار بڕەخسێنی دەتوانێ هەڵومەرجەکانی ژیانی بگۆڕێو تاریکی - چاردنووس بڕەوێنێتەوە.

٥.ئەو هەوڵانەی لەسەدەکانی ناوەڕاست دا دراون، هەر لەبەلگەی ئۆنتۆلۆجییەوە تاودکو سەلێنەری کۆسمۆلۆجیو هارمۆنیی هەتا هەتایی و هتد.. چەند هەوڵێکی دلێرو ژیرانە بوون دراون بەڵام هیچ لەکێشە سەردکییە ناگۆڕن جونکە کانت و تەنی بوون (وجود) سیفەتێك نییە بدرێت بەشتێكو پێی ببێ بەبوونەوەرو یاخود کە لێی زدوت کرا لەبوونەوەری بکەوێ. پەیدابوونو لەناوچوون بناخەیەکی راستەقینەیان نییە شت لەناو ناچێو لەنابوونەوە پەیدا نابێت. کێشەکە پەردەسەندنو گۆڕانە. زانست نەك بڕوا، ئامرازی راستەقینەی کردنەودی گرێ کوێردکانی ژیانە.

٦.لەڕدوڕدودی بەردوپێش چوونی مێژوو شارستانیەتو کۆمەڵگادا زۆرانبازیی دەستەویەخەی نێوان هەردوو پرۆسەی یەك ردنگیو هەمەردنگیی ودك دوو بزووتنەودی جاردنووسو ردنگ رێژی پاشەڕۆژی کۆمەڵگایە لەسیاسەتدا دوو ناویان لێنراود، دیکتاتۆریو دیموکراتی.

ئاینی مەسیحی لەسەدەکانی ناوەڕاست دا کاتێك توانی دەسەڵاتی بەسەر سەرانسەری وڵاتانی ئەوروپادا بشکێ که هەموو جۆرە تایبەتمەندییەکی کلتوریو زمانو ئەتەودیو هتد.. لەبۆتقەی یەك ردنگیی خۆیدا تواندوود، زمانی لاتینی ودك عەردبی لەرۆژهەڵات بەسەر میللەتاندا سەپێنرا. شارستانیەتی پێشتر ودکو گومراو لەڕێ لادەر (ڕاستو چەپی) بەسەردا هێنرا.

خۆری ئازادیی لەکەل هاتەدەر دەوڵەتی نەتەودیی پەیدا بوونو زمانو کلتوری نەتەودیی جارێکیتر بایەخیان پێ درایەوە، هەمەڕدنگی سەرپشکی ئازادییە لەدایك بوودکە بوو.

٧.راستە ئاینی مەسیحی ودك هەنگاوێکی بەرچاو لەسەدەی دوانزدو سیانزد بەولاود دەستی کرد بەکردنەودی مەڵبەندی زانستو زانکۆ ودك:- زانکۆی پاریسو

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

نۆکسفۆردو کۆلۆنیای نەڵمانیا، بەڵام لەدواییدا نامانجی کردنەودی نەم زانکۆیانە ساخ بۆوە زۆرلەو ئەنجامانە جیابوون کە لێیانەوە کەوتنەوە. لەسەردتادا کڵێسا ودك ئۆرگانو دامو دەزگایەکی سەرتاپاگیر بیری لەوە دەکرددوە کەسانێك بێبگەینێ لەپاشەڕۆژدا بەڕێودی بەرنو درێژە بەبوونو دەسەڵاتەکەی بدەین. کەچی کەسانێك کە لەو زانکۆیانەدا پەروەردە دەکران لەو کڵێسایان بەو مەردیە برد کە خۆی لێی دەترساو وردە وردە لەدەوڵەتو سیاسەت دوورخرایەودو بوو بەشتێکی تر.

٨ فەلسەفە و فەیلەسوف جیهان بگۆڕن یاخود لێکی بدەنەود! نایا گۆڕان بەبێ لێکدانەوە دەکرێ؟ نەوی داوای گۆڕانی جیهان نەکات شتێك لە فەلسەفە داوا دەکات لەتوانایدا نییەو بەپێچەوانەی سروشتی مرۆڤو کۆمەڵەودیە، ئەنجامەکەشی رژێمی تۆتالیتاریی سەرتاپاگیری فڕکەر بوو. بەردەسەندنی هەنگاو بەهەنگاو کە پشت بەلێکدانەودی رێکوپێك دەبەستێ کۆمەڵگا بەردو نەو نامانجە دەبات کە مرۆڤ سەرگەرمییەتی..

لەکۆتاییدا پڕ بەدڵ سوپاسی گشت نەو دۆستانەم دەکەم کەدڵسۆزانە نەرکی چاپکردنی نەو بەرهەمەیان گرتە نەوستۆ. هیوا دارم توانیبێتم کەلەبەرێکم لەکتێبخانەی کوردی پڕ کردبێتەوە.

فەلادزێ

کوردستانی باشوور

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library